# پاییزی تەمەن

جەوهەر شوانی



لە دواساتەکانی تەمەنم
قەدەر بەخێرایی راپێچی کەنارەکانی
ونبوونی کردم
وەکو گەڵا بەدبەختییەکانی پاییز
دەمڕژێنێتە نێو شەقامەکان و
زیاتر لە پڕوشکە بارانەکان دەچوون
لەنێو دەمی هەورەوە
هێور هێور
دەکەونمە سەر لێوە تینووەکانی دەریا،
بەڵام ئەویش تینوێتی نەدەشکان
تەمومژ هەموو جوانییەکانی جەستەی
داپۆشیم
بڕوانە لەم ژیانە جەنجاڵ و وێرانەدا



دایکە بەدبەختەکەشم
فرمێسک لەچاوەکانی قەتیس مابوو
بەسۆزەوە تەمەنی خۆیم پێشکەش دەکا.
ئاخ کاتێ کە مەرگ رێمان پێدەگرێ و
تەمەن کۆتایی دێت،
بەدڵێکی پڕ لە حەسرەتەوە
خەیاڵە پڕ لەزەتەکانی ژیان زۆر بێ ماناترە لە تەمەن
بەسیەتی چیتر با لە خەونەکانی منداڵیمان نەڕوانین
ئەوە زەمەنێک بوو...
لەیادمە کە بەیانییەکانی رۆح و پەپوولە
ئاشنا بەباڵای یەک دەبوون..
هەر ئەو رۆژگارە بوو
دەستیان لەنێو دەستی یەک نابوو،
بەختەوەریش هەمیشە زیندوو بوون
قەدەر زۆر بەخێرایی تەمەنی راپێچا
باشتر وایە خۆمان رابێنین
لە میحرابی ئەم بوونەدا
تاکەی دیلی دەستی قەدەر بین
گریانیش ئارامییان پێنابەخشێ
چونکە ئێمە هەمیشە گریاوین
رێ بڕین و
هەوڵدان بێ هوودەیە،
ئێمە خۆمان لێ ونبووە
هەواڵیش هەر لە خۆمان دەپرسین
جەستە مەغرورەکەشم
ئێسکی پەنجەکانی پێم دەخواتەوە.
ئێمە هیچ کات نامانەوێ
ئاوڕێ لەڕابردووی خۆمان بدەینەوە
شەرمەزارییە گەر ئێمە لە تارمایی خۆمان
نەپرسینەوە.